جیهاد وتێکۆشان بەرپا بکەن بەرامبەر موشریکەکان بە مالّتان ونەفستان وزمانتان

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جیهاد وتێکۆشان بەرپا بکەن بەرامبەر موشریکەکان بە مالّتان ونەفستان وزمانتان».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والنسائي وأحمد)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە جیهاد کردن دژی کافرەکان، وهەوڵدان وکۆششکردن بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان بە هەموو هۆکار وئامرازێك هێندەی لە تواناداید بۆئەوەی وشەی الله بەرز بێت، لەو هۆکارانەیش: یەکەم: خەرجکردنی پارە وسامان لە جیهاد کردندا؛ بۆ کڕینی چەك وخەرجکردن لەسەر موجاهیدەکان وبەو شێوەیە. دووەم: دەرچوون بە نەفس ولاشەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان ودوورخستنەوەیان. سێیەم: بانگەواز کردنیان بۆ ئەم ئاینە بە زمان، وسەلماندنی بەڵگەکان لەسەریان، و بەگژداچوونەوەیان وڕەتدانەوەیان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64597